# گیرفانی پڕو مێشکی بەتاڵ...!

**دارا مەحمود**
darachimen@hotmail.com



هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەژاری یەک لەگرفتە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگایەکە. و هیچکات تۆوی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و بەگشتی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لە کێڵگەیەکدا شین نابن کە هەژاری لەوێدا گەرای کردبێت...
بەلام بەڕاستی خۆشبەختی و پێشکەوتن چین و چۆن پێناسەیەکییان دەتوانین بۆ بکەین..؟ ئایا خۆشبەختی چەمکێکی ڕەش یان سپییەو هەر جۆرە ساماندارییی و دەوڵەمەندبوونێکیش سیمای پێشکەوتنە..؟
لە جیهاندا کەم نین ئەو مرۆڤانەی گورگ ئاسا کاتێک کەڵبەی لە قورقوراگەی نێچیری خۆی گیردەکات، هەست بە لوتکەی خۆشبەختی دەکات. باندەکانی مافیاو قاچاغ، دزو گەندەڵکاران، دەرون پیس و مێشک ڕزیوانی کوێرو کەری نەریت و ئایدیۆلۆژیای جەهالەت، و ئەو ئەویندارە ساختانەی کە مرۆڤی هاورەگەز دەکەنە پەیژەو لە پێناو گەیشتن بە لوتکەی دەسەلات و ناوبانگ و سامان بەسەریدا سەردەکەون ... لەو گورگە دڕندەو هەرگیز تێرنەبووانەن.
کەواتە لێرەدا ڕووبەڕووی دووجۆری خۆشبەختی ڕەواو ناڕەوا دەبینەوە.
ئەوەتا ولاتانی کەنداو لە پارەو سامانی نەوتدا خەریکە نقوم دەبن. کۆشک و تەلارو هوتێل و فرۆکە نەفەربەرەکان و سالۆنەکانی جەژن و سەماو سوردان، و ڕستوران و شوێنەکانی تری حەوانەوەو حەسانەوەو کات بەسەربردن لە شارەکانی وەک دوبەی و ئەبوزەبی و دۆحە... جێگای سەرنجی گەشتیارانی جیهانییەو هەموان ئیرەیی بە ئاستی ژیان و گوزەرانی ئەوێ دەبەن..!
لەکوردستانی خۆشمانەوە، جێ نەزرگەی گەلێک لە بازرگان و سامانداارانی لیک لێچۆڕاوی وێڵی ڕابواردنی سووک و زیندووکردنەوەی حەرەمسەراو کۆیلەدارییین.
ئەوەتا ڕۆژنامەی فلامی بەلژیکی *De standaard* لە ژمارەی 2008/7/2 ی خۆیدا بلاوی دەکاتەوە کە پۆلیسی ئەو ولاتە لە ئەنجامی ئەو هەوالانەی چەند ڕۆژ پێش بەدەستیان خستووە بەسەر هوتێلی گرانبەهای کۆنراد لەبرۆکسلدا دەدەن. و بۆیان دەردەکەوێت کە خانەوادەی یەکێک لە شێخەکانی ئەماراتی عەرەبی چەند مانگێکە لەو هوتێلە شیک و گرانبەهایەدا دەژی و قاتێکی سەرتاپای ئەو هوتێلەی بە 53 ژوورییەوە بەکرێ گرتووە کە پارەی یەک شەوی هەزاران یۆرۆیە.
بەلام ئەوەی لەهەمووی سەرنج ڕاکێشترەو پێدەچی هۆکاری ئەو پەلامارەی پۆلیسی برۆکسل بێت ئەوەیە کە ئەو خانەوادەیە چواردە کچی وەک کۆیلە بۆ خزمەت و ڕابواردن ڕاگرتووە. کەلێرەدا چەمکی کۆیلە بۆ وێکچواندنێک یان زیادەڕەوی لەنیشاندانێکی حاڵەتێکی ناشیرین نییە بەڵکو کۆیلە بەتەواوی واتایەک کە هەڵدەگرێت. و ئەو ناوزەدکرنەش یاسایی و زانستییە نەک هەروا بەهەوای شان..!
لێرەدا بەدەست خۆم نییە، یەکسەر ئەو دەوڵەمەندو دەسەلاتدارانەی کوردستانم بیردەکەوێتەوە، کە بەلاساییکردنەوە لە شێخ و پارەدارانی دوبەی بێ شەرمانە بەسمێڵە ڕیشکراوەکانیانەوە، بە

خرکردنەوەی کەنیزەکی فلیپینی و تایلاندی و بەنگلادێشی، سیستەمی کۆیلایەتی لەکوردستانی بەناو ئازادا دەژیێننەوە.
سیستەمی ڕاگرتنی خزمەتکار لەماڵدا لەهەرشوێنێکی جیهاندا بە ڕۆژئاواشەوە هەیە. بەڵام لەڕۆژئاوا بۆ ئەوە نییە کە دەست و پلی ژنانی دەوڵەمەند نەقلیشێت و بۆیەی نینۆکەکانیان هەڵنەوەرێ و هەروا بۆ ئەوەش نییە کە مێشک بەتاڵە خۆپێکەمەکان نانەجیبی خۆیانی پێ بشارنەوەو دیسان بۆ ئەوەش نییە کە کچانی تازە پێگەیشتووی خزمەتکار حەزی لەسنووربەدەری پیاوانی هەوەسبازو تەمبەڵ دامرکێننەوە. بەڵکو یارمەتییەکە بۆ ئەوکەسانەی لەبەر کارکردن، کات و دەرفەتیان بۆ ئیشی ناو ماڵ نامێنێتەوەو یانیش بۆ یارمەتیدانی پیرو نەخۆش و پەککەوتانە.
ئەم ڕووداوەی بروکسل تاک نییەو دیاردەیەکی حەتمییە کە سامانداریەک لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، کەلەئەنجامی بیرو مەعریفەو داهێنان و خولقاندنەوە بەدەست نەهاتبێت.
ئەم دیاردەیەش ئەمە دەسەلمێنێ کە لەسایەی سەری ئاینی ئیسلامەوە هێشتا ئەو کۆمەڵگایەی ئەو ئاینە تێیدا سەردەست و زاڵە قۆناغی جەهالەتی دەرباز نەکردووەو بەچاو نووقانی ڕێبەرانی ئیسلام هێشتا سیستەمی کۆیلایەتی بەڕێوەدەچێت. و جێگای خۆیەتی بپرسین: کوان واعیزان و فتوادەرانی چاو باشقەڵی ئیسلام کەجیهانی سکولارو ئازادو دیموکراسی بە بێ ئەخلاق و بەرەڵلا ناودەبەن و کوان لایەنگرانی نیقابپۆشی و ئەسپ زینکراوانی بەهەشت، کەناتوانن سەبربگرن تا ئەو حەفتاوحەوت حۆرییانەی بەهەشت بەدەست دەخەن .
مرۆڤی ئازاد هیچکات ناتوانێت ئازادی کەسێکی تر زەوتکات و نەفرەت لەو خۆشبەختییەش بێت کە بە بەخترەشی و بەکۆیلەکردنی خەڵکانی تر بەدەست بێت.

4/7/2008